سەماحەتی حەکیم لەگەڵ ئەمینداری بەغدا سروشتی خزمەتگوزاری و گرنگی کامبووونی دەزگایەکان لەپایتەخت تاوتوێ دەکات



بەڕێز عەمار حەکیم سەرکی هاوپەیمانێتی هێزکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بەبەڕێز ئەندازیار عەمار موسا ئەمینی بەغدا لەم دیدارە باسی سروشتی خزمەتگوزاری لە بەغدای پایتەخت و چۆنیەتی پتەوکردنی هەماهەنگی و کامڵ بوون لەنێوان دەزگاکانی دەوڵەت بەتایبەتی نێوان حکومەتی نێوخۆیی و وەزارەتەکانی پێبوەست کرا.
بەڕێز حەکیم جەختی لەسەر پێویستی بەردەوامی هەماهەنگیکانی ئاودانکردنەوە و گۆشەپێدان لە بەغدا کردەوە و تەئکیدی لەسەر بایەخ پێدان بە ناوچە مێژوویی و شوێنەواریەکان کردەوە بەهۆی نوێنەرایەتی ناسنامەی کولتووری و شارستانی، هاوکات داوای تەواوکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی لەگەڵکە تازەکاندا کرد بە تایبەتخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ژیان تا خواستی هاووڵاتیان لەبەرچاو بگیرێت..

سەماحەتی حەکیم جەختی لەسەر گرنگی یەکخستن لە ئاستی دامەزراوەکانی دەوڵەت کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە پایتەخت لە قۆناغەکانی ئابڕووداوەکانی خراپبوونی بارودۆخی ئەمنی کاریگەری لەسەر هەبووە و بووەتە هۆی دواکەوتنەکی بەرچاو لە دابینکردنی خزمەتگوزاریەکان، گوتیشی زۆر گرنگە لە کاتگی هەماهەنگی خزمەتگوزاری و هەوڵەکانی گۆشەپێدان بەسەر ئەم کێشەکبوونەدا زاڵ بێت...

هەروەها بەڕێزیان داوای پەرەپێدانی هاوکاری نێوان شارەوانی بەغدا و دامەزراوە ئەکادیمیەکانی کرد، لەگەڵ سوودوەرگرتن لە شارەزایی عێراقی لەبواری ئاوەڕۆ و توێژینەوەی زانستیەوە لەچارەسەرکردنی قەیرانەکانی خزمەتگوزاری و کە پێویستی بەگرتنەبەری چارەسەری ستراتیژی بە کێشەکانی هاتوچۆ و قەرەباغی هاتوچۆ کرد کە هاوڵاتیانی نیگەران کردووە...

هەر لەم ڕووەوە سەماحەتی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر گرنگی بە داتاکردن لە جومگەکانی کاری ئەمانەتی بەغدا و دووپاتیشی کردەوە کە پێویستە دەزگاکانی ئەمانەتی بەغدا لەگەڵ هاولاتیان لەسەر هێل بن و لێیان نزیك بن، ئەو کارەش بە ئاوەزی کوالیتی کارکان باشتر بێت و شەفافیەت و ئاستی ئیداریش باشتر بێت.